کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:08 15-9-2007

**دەک بەخۆشی بێت ... لەتیف فاتح فەرەج**

سەرۆك تاڵەبانی زۆر باش دەزانی کە کۆشکی سپی بەر لەهەر کەس بۆ سیاسەتوان و رۆژنامەنوسان ئاوەڵایە، ئەوەش دەزانی کە هەمیشە رۆژنامەنوسان لە (سڕ و تڕ) ی وڵات ئاگادارن و دەگمەن مستەر بۆش و دەسەڵاتی ئەمریکا شتەکان بشارنەوە، من دەزانم سەرۆك تاڵەبانی لە نزیکەوە ئاگادارە کە چۆن رۆژنامەنوسان و بەرپرسانی تورکیا بی سانسۆر دەچنە کۆشکی (جانکایە) ی تورکیاوە، بڕوام وایە سەرۆك زۆر چاك محەمەد عەلی بیراند دەناسی و دەتوانی پرسیاری لێبکات، لای هەموو دونیا و لای هەموو سەرۆکەکانی دنیا رۆژنامەنوسان، سەنگ و جێگای شیاوی خۆیان هەیە، هیچ سەرۆکێك لێیان تورە نابێت، لە بەرەبەیانێکی زوودا خۆت بکە بە کۆشکی (ئەلیزێ) دا بزانە جگە لە رۆژنامەنوسان کەسی لێیە؟!، بەڵام ئێمەی مەحشەری رۆژنامەنوسانی کورد هەرگیز ئەوسا و ئێستاش نەمانزانی کۆشەکەکانی سەرۆك کۆمار بەچ دیزاینێك دروستکراون، سەرۆك شەوان تەماشای چ کەناڵێك دەکات، چی دەخوێنێتەوە، لە کۆبونەوەکاندا باس لەچی دەکات، ئایە خۆی هەواڵەکە دادەڕێژێتەوە یان رۆنامەنوسە تایبەتەکەی، من دەزانم سەرۆك تاڵەبانی پیاوێکی خاکیە و زۆر سادە و ساکارە، بەڵام تێناگەم ئەم هەموو رۆتینە چیە بەدەوروبەریەوە، ئەوەی منی نیگەران کرد کۆنگرە رۆژنامەنوسیەکەی نێو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو کە بۆ سەرۆك سازدرا، لەوێدا جارێکی دیکە سەرۆك هەندێك سەرزەنشتی ئەهلی قەڵەمی کرد، ئەمە لەکاتێکدا خۆی بەرلەوەی سەرۆك و سکرتێر و سیاسی بێت، رۆژنامەنوس و ئەهلی قەڵەم بوو، سەرۆك لەو کۆنگرەیەدا هەندێك قسەی رۆژنامەنوسانی بە قسەی هەلەق و مەلەق و بەفشە و فیشاڵ ناوبرد، سەرۆك ئەز قەزا، ئێوە ئاگادارن کە سەرۆك بۆش لەبەر رۆشنایی وتارێکی (تۆماس فریدمان) سەردانی ئەنبار دەکات، هەر لەوێش لەبەخێرهێنانی تۆدا، دەڵی:" بەخێر بێی سەرۆکی گشت وڵات"من پەیوەندیم بە قسەکەی سەرۆك بۆشەوە نیە، پەیوەندیم بە وتارەکەی تۆماس فریدمانەوە هەیە، ئێوە ئاگادارن کە چۆن محەمەد عەلی بیراند لە نێو کۆشکی جانکایە قسە بۆ هاوڕی سیاسی و دەسەڵاتدارەکانی دەکات. ئاخر سەرۆکی هێژا لەوێندەر دەسەڵات دەزانی رۆژنامەگەری دەسەڵاتی چوارەمە، بەو چاوەش تەماشای دەکات، کەشێکیشی دروستنەکردوە کە رۆژنامەنوسان و پیاوانی دەسەڵات بەچاوی گومانەوە تەماشای یەکتر بکەن، شتێك نیە لەنێوان رۆژنامەنوسان و دەسەڵاتداراندا بۆ داگیرکردنی کورسی یەکتر، ئەوەی کە لێرە خەریکە دەسەڵاتداران ئاوا سەیری رۆژنامەنوسان دەکەن، سەرۆکی هەموو وڵات لەو هەموو گەشتەدا کە دەیکەن، جگە لە یەك دوو دەم و چاو چەند رۆژنامەنوس لەگەڵ خۆتان دەبەن، چەند رۆژنامەنوس ئاگایان لە وردەکاری کار و بارەکانی ئێوەیە، تا لەرێگایانەوە بگاتە هاوڵاتیان و هاوڵاتیانیش بەئاسوودەیی سەربکەنە سەرسەرین، ئەوەی لەدونیادا وایە، تۆ زۆر باشتر لەمن دەزانی، کە چۆن سەرۆکەکان و رۆژنامەنوسان لەیەکەوە نزیکن، من نامەوی ئێوە جیاوازترین لەسەرۆکە دیموکراتەکانی دنیا لەسەرۆك بۆش و سارکوزی و جۆرج هاوارد. من نیگەرانم کە دەبینم سەرۆکەکانی ئێمە هەمیشە جیاوازن، من نازانم ئەو تورەبونەی تۆ لە هەندێك کۆنگرەی رۆژنامەنوسیدا لەکوێوە دێت، کی دەڵی هەمیشە هەق بە سەرۆکە، ئی کە رۆژنامەنوسێك شرۆڤەی رووداوەکان دەکات و خوێندنەوەی خۆی هەیە بۆ هەقی پرسیاری نەبێت؟، بۆ بەتوندی وەڵام بدرێتـەوە، ئاخر من تاسەر ئێسك حەز دەکەم سەرۆکی من کراوە و رووگەش و هێمن و لەسەرخۆ و راشکاو بێت، ئێوە هەڵگری بەشێکی زۆر لەو هەستوکەوتانەن، نازانم بۆ جارەها ئەم دۆخە پێچەوانە دەکەوێتەوە، من لەم کورتە وتارەدا دەمەوی هەر لەسەر یەك خاڵ بوەستم کەلە کۆنگرە رۆژنامەنوسیەکە باسکراوە، دەنا چ هەقم نیە بەوانی دیکەوە، مەسەلەی هەلەق و مەلەق و ئەو شتانەشم بە نموونە هێنایەوە سەرۆکی من، من دەمەوی لەسەر ئەوە بوەستم کەلەبارەی سوڵتان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هاشمەوە گوترا، ئاخر سەرۆکی هێژا هەیە نەزانی (سوڵتان هاشم) چ ببڕ و بکوژێك بووە؟، ئێوە خۆتان دەزانن کە مدیر ناحێیەك بەقەد عەلی حەسەن مەجید لە کوردستان زاڵم بووە، ڕاستە ئەو پیاوە، ئەفسەر بووە، دەکرا (عەبدی موتیع) نەبێت، زۆری دیکە مەرگیان هەڵبژارد و نۆکەرایەتی نا، سوڵتان هاشم لەگۆپتەپە و عەسکەر و هەڵەبجە و جەلەمۆرد کەسوکاری من و تۆی کوشتوە، لە دەشتی کۆیە و کەلکان و دۆڵی خەلەکان، لەو شوێنانەی ئێستاش سوێندیان بەتۆیە خەڵکی ئەنفالکردووە، بۆچی پرسی سزادانەکەی بگەڕێتەوە لای بەڕێزتان بۆ جێبەجێکردن، من بۆخۆم لەگەڵ سزای لەسێدارەدان نیم، ئەوەش بۆ سیاسەت ناڵێم لەبەرئەوەی کارم پێی نیە، وەکو ئینسان وەکو سۆفستاییەك کە ئینسان لای من پێوەری هەموو شتێکە ئەوە دەڵێم، بەلام سوڵتان هاشم تاوانبارە، پێشتریش لەم وڵاتە ئیعدامی شۆڕشگێڕانەی زۆر بێتاوانیش کراوە، نەك تاوانبار، ئیدی بۆ دەبی سوڵتان هاشم بە سزای خۆی نەگات؟، ئەری ئێوە بڕیارتان نەداوە ژن کوژەکان سزای ڕەوا وەربگرن، خۆ سوڵتان هاشم هەزاران ژنی ئەنفالکردووە، سوپاکەی بەردەستی ئەو سوپای تالان و ئیغتیساب و کوشت و بڕ بوو، ئەوە چ شوانێکە، من لەم نوسینەدا دەمەوی بڵێم دەك بەخۆشی بێت واژۆ نەکردنی سزای لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم، وەلی تکایە سەرۆکی من بەدادگای باڵا بڵی با ئەو پارچە کاغەزە نەیەتە بەردەستی ئێوە.... ..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.